# شەوانی ڕەمەزانی دوای کۆتایی هاتنی مۆندیال


ڕەمەزانی ئەمساڵ، وەك ئەوانەی پێشوو نەبوو، بە تایبەت بۆ کوردستان، چونکە ئەمساڵ هاوکات بوو لەگەڵ مۆندیالی ٢٠١٤ی بەرازیل، مۆندیالیش خەڵکێکی زۆر بۆ خۆی ڕادەکێشی، بە تایبەت گەنجان، کە هەر یەکە هاندەری تیپێکە و بەم دواییە کچانیش وەك کوڕان هانی یەکێك لە تیپەکانیان دەدا، لە ڕەمەزانی ئەمساڵدا، خەڵك زۆربەی کاتەکانی لەگەڵ باس و خواسی یاریەکانی مۆندیال و کێ جامەکە بەرز دەکاتەوە و کێ دەگاتە قۆناغی پێش کۆتایی و کۆتایی، ئەم کەرنەڤاڵەی کە هەر چوار ساڵ جارێك هەموو جیهان بەخۆیەوە سەرقاڵ دەکات، لە ڕەمەزانی ئەمساڵیشدا کوردستانیەکان وێڕای گەرما و بەڕۆژوو بوون بەشی هەرە زۆری خەڵك لەدوای ڕۆژوو شکاندن سەرقاڵی سەیرکردنی یارییەکانی موندیال بوون و یارییەکانی مۆندیال جێگەی یارییەکانی ڕەمەزانی گرتبۆوە و لەبری سینی سینی، هەموو خەڵك بەدیار شاشەگەورەکانی نیو گۆڕەپانەکان دادەنیشتن.

مۆندیال کۆتایی هات ئەڵمانەکان جامەکەیان بردووە، هاووڵاتیانی کوردستانیش گەڕانەوە سەر شێوازی ئاسایی بەڕێکردنی مانگی ڕەمەزان و وەکو جاران بە دڵ خۆشی و ڕۆژوو گرتنەوە، ڕۆژانەی ڕەمەزان بەڕێ دەکەن، شەوانەش بە دەرچوون و گەڕان و پیاسە و سەردانی ماڵی یەکتر ئاوەدان دەکەنەوە، گەنجانیش وەکو پێشوو، دەست دەکەنەوە بە یاریی شەوانەی وەك : سنی سنیانێ، کلاوێن، شەوانەی ئەو مانگە پیرۆزە بە خۆشی و شادییەوە بەڕێ دەکەن. لە سەردانێکی مەیدانی گۆڤاری گوڵاندا بە نێو شەقام و بازاڕ و شوێنە گشتییەکانی ناو شاری هەولێر، هەستمانکرد شەوانی ڕەمەزانی دوای مۆندیال، شەوە ئاساییەکانی مانگی پیرۆزی ڕەمەزانە لەکوردستان و هەر یەکە بە دڵ خۆشیەوە گەشتی خۆیان دەکەن.

شەقامی ئیسکانی دوای مۆندیال شەقامی ڕەمەزانی جارانە و ئیتر هەر کۆمەڵەو دوور لە قسەو باسی مۆندیال و تۆپی پێ کەوتوونەتە پرس و باسی ژیان و هەندێکیش بە یاری کردن، ڕاستە پێشووتر قەرەباڵغیەکی زۆر هەبوو بەڵام تەنها کاتی یاریەکان بوو بەڵام ئێستا








هەمـــووكات وەك جاران جۆش و خرۆشـــی خۆی هەیە، وەك یەكێك لە فرۆشیارەكانی ساردەمەنی بۆ گوڵان وتی چاوەڕوان دەكەین بە هەمان شێوەی پێشووتر ئەو شەقامە ئاوەدان و هەروا ڕووناك بێت ئەو مانەوەی ئەو شاشەیەی ناو شـــەقامی ئیســـكانی بە كارێكی پێویست زانی كە بەشێوەیەكی بەردەوام هەبێت و پەخشی ڕووداو بەرنامەی گرنگـــی تیادا بكرێت، وەك یەكێك لە چایچیەكانی ئەو شەقامەش خســـتیەروو بە بەراود بە پێش ڕەمەزان ئیش و كاریان زۆر باش بووەو ئێســـتا شـــەوانە نزیكەی سێ ســـەد چایی دەفرۆشێت، بە هەمان شێوە بازار و دوكان و شـــەقامی تەعجیلیش هەمان جۆش و خرۆش و گەرمی ڕەمەزانەكانیتـــری هەموو وە زۆربـــەی خاوەندوكانەكان ئاماژەیـــان بەوەدەكر كە لـــە دە ڕۆژی كۆتایی مانگی ڕەمەزان بازارەكان گەرمتر و قەڵەباڵغتر دەبن.

ئەوەتا لە باغی شاری ناو جەرگەی هەولێردا، ئاهەنگێكی خنجیلانە هەبوو، وەك هەموو شەوانە، تەنانەت لە ڕۆژی مۆندیال و یارییەكانیشـــدا، ئـــەو ئاهەنگە بەردەوام بوو، لـــەولاوەش گەنجان وكوڕان یاری ســـنی ســـنێینیان بە دەســـتەوە بوو، هەر یەكە گرەوەكـــەی تیپی بەرامبەری هەڵدەهینا. تەنانەت چەند گەنجێك گوتیان : مۆندیال بۆ ئێمە ئەوەندە گرنگ نەبوو بە قەد یاری ســـنی سنیانێ، چونكە ســـنی ســـنیانێ دەڕۆیشـــت، بەڵام دەمانتوانی ئەنجامی یاریەكە هەر كاتێك بێت بزانین.

هەر لە هەمان شـــوێندا، وەســـتا دەســـت ڕەنگینەكانی كڵاش دروست كردن و سپی كردنەوە، هەر یەكە كۆمەڵە كڵاشێكی جوانی بە دەستەوە خەریكیان بوون، خەڵكیش بۆخۆی بە پیاســـە و خۆشـــی، ســـەردانی دووكان و بازاڕەكانی شەوانەیان دەكرد، تا شتێكی جوان بكڕن، یان هەر گەشتێكی بچووكی شەوانەی ڕەمەزان بكەن.









# گوارەی پەپوولە!

پەپوولە لە لای کچان خۆشەویستە، نەوەك کچان تەنانەت کوڕانیش پەپوولەیان پێ جوانە، وەك باڵندەیەکی سروشتی و باڵ رەنگاوڕەنگ لە پێش چاومان قەشەنگ و دڵگیرە. هەر بۆیە کۆمپانیاکانی دروست کردنی ئێکسسوار، هەروەها پسپۆرانی ئێکسسوار لەو راستییە ئاگادارن و چەندین ئێکسسواریان لە شێوەی پەپوولە دروست کردووە، کە جێگەی بایەخ و جوانیی کچانە، ئەوەتا چەند نموونەیەك لە گوارە لە شێوەی پەپوولە هەن، هەر زێنەتە لە گوێی کچان ببیندرێ، چونکە لە شێوەدا ناسك و جوانن، هەروەها وەك پەپوولەش لە جوانیدا دەردەکەوێ، کچان و خانمان دەتوانن ئەو جۆرە ئێکسسوارە هەڵبژێرن، تا گوێچکەیان بە باق و بریقەکەی بگەشێتەوە. ئەگەرچی گوارەی شێوە پەپوولە گەورەیە، بەڵام کاتێك لە گوێچکەت دەبێ هەستی پێ ناکەی چونکە کێشی کەمە، ئەوەندە جوانیشە کە دەبێتە ئێکسسوارێکی ناوازە لە گوێچکەتدا.





# چارەسەر کردن



پێستی هەندێك لە کچان و خانمان تووشی چرچ و لۆچی دەبێ، ئەویش لە ئەنجامی هەندێ هۆکاری دیار و نادیار. ئەوانەی دیارن، تیشکی بەتینی هەتاو بەر پێست بکەوێت، هەروەها تیشکی وەنەوشەیی گەردوون کە بەیانیان بەر لە خۆرهەڵاتن ئەو تیشکە هەیە، یان کاتێك کچان رێژەیەکی زۆری ماکیاژ لە دەم و چاویان دەدەن، کە شەوانە دەمێنێتەوە تا بەیانی، ئەوەش ئەزیەتی خانەکانی پێست دەدات و چرچیی لێ دروست دەکات. جگە لەوانە، حاڵەتی شەکەتیی دەروونیش هۆکارێکە بۆ چرچ و لۆچیی پێست. ئەگەر نیازتە پێستت لە چرچ و لۆچ دوور بێ، دەتوانی بەم هەنگاوانەی دادێن رێی لێ بگریت:

-سەرەتا دەبێ بزانی پێستت چ جۆرێکە و بەرانبەر بە چی هەستیارە، وەك ئەوەی پێستت: وشکە، چەورە، تێکەڵە، ناسك و هەستیارە، هەر دەبێ خۆت بزانی چ شتێك ئەزیەتی پێستت دەدا، وەك ئاوی سارد و گەرم، یان کرێم و ماکیاژ.

-لێدانی کرێمی دژە چرچ و لۆچی، چەندین جۆرە کرێمی لەم جۆرە هەن، تۆش دەتوانی بەکاریان بێنی، لەو کاتەی دەچیتە بەر هەتاو، یان کاتێ لە ماڵەوە دەبی، هەروەها بۆ

# کیژۆڵەکەت ش

خانمی جوان، وێڕای ئەوەی خۆت وەك خانمێکی جوان و سەرنج راکێش لە رۆژانی جەژن دێتە بەرچاوان، وا بکە تەنانەت هەموو ماڵ و منداڵیشت وەك خۆت جوان و شەنگ بن، ئەو خانمانەی کیژۆڵەیان هەیە، با وەك خۆیان جوانیان بکەن، کچانیش حەز دەکەن وەك دایکیان جوان بن، ئەوەتا هەر لە منداڵییەوە جارجار پێڵاو و جلەکانت لەبەر دەکەن، وەك ئەوەی لاسایی جوانیت بکەنەوە. تۆش لە جوانیی کیژۆڵەکەت کارامە بە، جلێکی جوانی بۆ هەڵبژێرە، تەنانەت ئەگەر کوڕیشت هەبوو، جلێکی کوردی یان جلێکی مۆدی

# ـــــی لۆچی پێست



ئەو کاتەش باشە کە هەست بە دەرکەوتنی چرچ و لۆچی بچووك لە دەم و چاوت بکەی.


-چرچ و لۆچی تەنیا لە پێستی دەم و چاو نییە، بەڵکو لە هەموو لایەکی پێستی جەستە دەردەکەوێ، ئەگەر زانیت جەستەشت چرچ و لۆچی تێ کەوتووە، ڕێگریی لێ بکە، چونکە ڕەنگە تەشەنە بکات و زیاتر بێ.

-میوە و سەوزە زۆر بخۆ، چونکە پێستت جوان دەکات و لە چرچ و لۆچی دەپارێزن، بە تایبەتی ترێ، مۆز، پرتەقاڵ. هتد.

-هەوڵ بدە سبەینان کرێمی دژە چرچ و لۆچی لە دەم و چاوت بدەی، تا لە تیشکی سینی و وەنەوشەیی بتپارێزێ.

-ماوەی هەر (٦) مانگ جارێك جۆری کرێمی دژە چرچ و لۆچیەکەت بگۆڕە، تا زیاتر کاریگەریی هەبێ، بزانە کامە جۆریش کاریگەریی باشترە، لە سەر ئەو بەردەوام بە.

بەیانیان زوو و شەوانیش بەر لە نووستن، دەم و چاوت جوان بشۆ، هیچ بۆیە و ماکیاژێکی پێوە مەهێڵە، بەم جۆرە پێستت لە چرچ و لۆچی بە دوور دەکەی.





# ماکیاژی چاوی بچووک

چاوی کچان لە قەبارەدا، هەر یەکە بە شێوە و چەشنێکە. هەیە گەورەیە و هەشە بچووکە، بۆ هەر چاوێك چەشنە ماکیاژێکی تایبەت و گونجاو هەیە. گرنگە کچان بزانن چ جۆرە ماکیاژێك بۆ چاویان جوانە و گونجاوە، هەندێ جاریش بە هۆی هەڵەی ماکیاژەوە، جوانی چاویان دەشێوێت، ئەگەر دەتەوێ چاوەکانت گەش و جوان بن، ماکیاژێکی جوانیان بۆ هەڵبژێرە، خۆ ئەوانەی چاویان بچووکە یان چێوەی چاویان باریکە، چەند ڕێنماییەك هەن پێویستە بیزانن:

-ئەگەر دەتەوێ چێوەی چاوت گەورە دیار بێ، پێویستە بە لاینەر هێڵێکی گەورە و درێژ لە برژانگی سەرەوە بدەی، کە بەرەو دیوی دەرەوەی چاو بچێ، زیاتر چاوت گەشتر و گەورەتر دیار دەکەوێت.

-ئەگەر برژانگی دەستکردیش بەکار بهێنیت، شێوەی قەبارەی چاوت گەورەتر نیشان دەدات، چونکە برژانگی دەستکرد چاو گەورە دەکات.

-دەتوانین لە ڕێگەی بەکار هێنانی کلی سپی، یان ماکیاژی ڕەنگ سپی بۆ چاو، ڕەنگی چاو زیاتر گەشاوەتر و گەورەتر دیار دەکات.

-ئەگەر ڕەنگی قاوەیی یان زیوین لە دەوروپشتی چاو بدرێ، کە ئەو ڕەنگە پشت چاو گەورە و گەش نیشان دەدات، لەگەڵ کلی ڕەشیش، یان ڕەنگی ڕەش لە چێوەی خوارەوەی چاو بدرێ، ئەوەشیان شێوازێکی گونجاوە بۆ گەورە نیشان دانی چاو.





# ـــــۆخ و شەنگ بکە !

سەردەمی بە پێی خواستی خۆی بۆ هەڵبژێرە و لەبەری بکە. بۆ کچانیش، ئەگەر حەزیان لە جلی کوردی بوو، ئەوە دەستە جلێکی جوانیان قابیلە، ئەگەریش حەزیان لە جلی دیکەی مۆدێرن بوو، وا باشە کراسێکی درێژیان لە شێوەی عەزییە بۆ بکەن، ئەو جۆرە جلە، کچان گەورە نیشان دەدات، تەنانەت خۆشیان وا هەست بە جوانی جلەکە دەکەن، ئەوەتا

چەندین وێنەی کراسی کیژۆڵانمان داناوە، دەتوانی یەکێك لەو شێوازە کراسانە بۆ کچەکەت هەڵبژێری، با ڕەنگەکەش لە سەر خواستی کچەکەت بێت تا ئەویش دڵی بە کراسەکەی خۆش بێت.

## ماناى خەون

### قوماش:

ئەو کەسەی لەخەودا قوماش بکڕێت ئەگەر کچ بێت شوو دەکات، ئەگەر ژن بێت ژیانی داهاتووی زۆر خۆش دەبێت و زۆر بە چاکی خۆی دەپارێزێت، ئەگەر پیاویش بێت دەکەوێتە خێر و خۆشییەوە، بە گشتی قوماش کڕین لە خەودا خێر و خۆشی و بەدی هاتنی ئاوات و ئامانجە، ئەو کەسەی لەخەودا قوماش بدڕێنێت تووشی کێشە و گرفت دەبێتەوە لە داهاتوودا، ئەگەر لە خەوندا قوماشێکی زۆرت لەبەر بوو، بزانە کە ئەرکێکی قورست لەسەر شانە و بە جوانی جێبەجێت نەکردووە، ئەگەر قوماشەکەش پیس بێ، ئەوە لە نزیکدا کێشەیەکی گەورەت تووش دەبێت.









# وێنەکێشان بە سووراوی لێو

زۆربەی کچان حەز بە وێنەکێشان دەکەن، هەندێ جار لە سەر شتی وا وێنە دەکێشن، کە کوڕان هەرگیز بیریان بۆی ناچێ، وەك : سەر ئاوێنەی ماڵ و حەمام لە کاتی بوخاردا، یان لەسەر جامی ئوتۆمبێل و سەر زەوی و هەر شوێنێك بۆ وێنەکێشان شیاو بێ، ئەوەی سەیرە فەرشەی دەستی کچان یان بە پەنجەیە یان بە سووراوی لێوە، ئەوەتا ئەو کچە ئەمریکییە، ناوی (سێلڤی)یە، چەندین وێنەی سەیر و جوانی کردووە لەسەر ئاوێنەی ماڵەکەی، تەنیا بە سووراوی لێو، جێگەی باسە ئەو وێنانەی بڵاوکراوەتەوە و بۆتە بابەتێکی جیهانی.

## زانیاری بەسوود !

- جاڵجاڵۆکەیەك هەیە لە بەرازیل، ئەگەر بە هەرکەسێکەوە بدات، بۆ ماوەی چەند سەعاتێك ڕەقی دەکات و ناتوانێت بجووڵێت.

**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**
لەگەڵ ئەوەی باری دەروونیت خراپە ئەمڕۆ چارەسەریی بۆگرفتێکی خێزانی دەدۆزیتەوە بەڵام سەرناگرێت. گەشتێکت دێتە پیش کاریگەری لەسەر ئایندەی ژیانت دەبێت.

**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**
دواکەوتنت لەئەنجامدانی کارەکانت تووشی خەمۆکیت دەکات. دەتوانیت ڕووبەڕووی کێشەکانت ببیتەوە بەمەرجێك هەڵنەچیت لەتووڕەبوون.

**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**
ئەمڕۆش لەو پەڕی ڕۆمانسەیەتدایت. هەندێك هەڵسوکەوت دەکەیت دەبنە مایەی سەرسامبوونی دەوروبەرەکەت و لەگەڵ کەسایەتیە تەماویەکەتدا ناگونجێیت.

**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**
کەسانی دەوروبەرت ناتخوێننەوە بۆیە پێویستە زیاتر لەرەفتارو قسەکردندا لە ئاڵۆزی دووركەویتەوە. دیارییەك لە دۆستێکی دێرینت بەڕێوەیە، گرنگ ئەوەیە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسەدا دەکەیت.

## وێنە و بیرکردنەوە

- بزانـــە ئەو ئوتۆمبێلەی بـــووك و زاوای هەڵگرتووە، بۆ کام لا دەڕوات؟








## کاریکاتێر

- لەم وێنەیەدا ڕوخسارێك دیارە، ئەگەر وردتر تەماشای بکەی، ئافرەتێکە نێوان دوو دار وەستاوە!

## وتەی ناوداران



**- نەزار قەبانی، سەبارەت بە عیشقی خۆشەویستەکەی دەڵێ :**

هیوادارام ئـــەو ڕۆژەیە، کە تۆی کەروێشـــك ئەوەندە ترسنۆك و شڵەژاوا نەبیت لە ڕاوچیەکی وەك من، چونکە ڕاوچی نیم و بەڵکو عاشقی سەر مەستی تۆم!

**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**
ئەمڕۆ ڕۆژێکی گونجاوە بۆ ئەوەی لەهەستی بەرامبەرەکەت بگەیت. هاوڕێیەکی دڵسۆزت پەیوەندیت پێدەکات و دەرفەتی قازانجێکی باشت بۆ دەڕەخسێنێت. دەرفەتی باش لەدەستی خۆت مەدە.

**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**
هەوڵ بدەگرفتە ڕۆژانەییەکانت چارەسەر بکەیت تا بتوانیت لەبواری کۆمەڵایەتی و پیشەییدا هەنگاوی سەرکەوتوانە بهاوێیت.

**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**
ئەمڕۆ ژیانت ئارامەو دیدارێکی ڕۆمانسی بەڕێوەیە. کارەکانت بێ گرفت بەڕێوەدەچن ..خەمە خێزانییەکانت کۆتاییان پێدێت.

**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**
لەرووی داراییەوە کێشەیەکت بۆ دروست دەبێت بەڵام بەیارمەتی کەس و کارت کۆتاییان پێ دێت و کاریگەری لەسەر بودجەی مانگانەی خێزانەکەت نابێت، ئەگەر بەهۆشیاریەوە مامەڵە بکەیت.

**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**
باری سۆزدارییت لە لووتکەدایە. بەڵام لەرووی پیشەییەوە دواکەوتوویت . هاوسەنگی لەنێوان دڵ و عەقڵدا پێویستە. هەر هەنگاوێت نا بیر بکەوە.

**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**
ئەگەر لە پیشەکەتدا سەرکەوتوو نیت و کێشەت بۆ دروست دەکات. باشتر وایە بوێرانە دەست بەرداری ببیت. ئەمڕۆ پارە بە قەرز مەدە. مەیدە بەکەسیش.

**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**
لەکارە مەترسیدارەکان دووربکەوە و خۆت مەخەرە ناو گیرو گرفتی پەیوەندیدار بەپارەو پووول، لە بڕیارداندا پشت بەخۆت ببەستی باشترە لەو کەسانەی کە بەرژەوەندی تۆیان ناوێ.

**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**
لەبەرامیەر گرفتە پیشەییەکانت ئەژنۆت نەلەرزێ . گومانت لەدڵسۆزی خۆشەویستەکەت نەبێ، ئەو جێگەی ئەو پەڕی متمانەو ڕێزە، دەبێ قەدری بزانی.